KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی کشتی سەربەخۆی کوردیە
www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 4-12-2007 1:47

# پەکەکە یەکێکە لەدەرهاوێشتەکانی کێشەی کورد ... کامیل مەحمود

کێشەی کورد یەکێکە لە کێشە گەورەو مێژووییەکانی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەراست و دەرهاوێشتە نەخوازراوەکانی لەسەر بارودۆخی ناوچەکە کەمتر نییە لەدەرهاوێشتە سیاسی و ئەمنییەکانی کێشەی فەلەستین، بەڵام ئەوەی گرێی ئەم دۆزەی ئاڵۆزتر کردووەو ڕێگرە لەبەردەم کرانەوەیدا بریتییە لەو چاوداخستنەی وڵاتانی پەیوەندیدارو بگرە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی لەو کێشە تەمەندرێژەو دان نەنانە بەبوونی کێشەیەی کورداو تەنها ڕەچاوی بەرژەوەندی وڵاتانی داگیرکەرو ناوەندە شۆڤینییەکانی دەورووبەر کراوە.

کێشەی گەلێکی خاوەن دۆزی ئاشکراو دارای چەندین شۆرشی گەورە، بچووك دەکەنەوە بۆ کێشەی ڕێکخراوێکی سیاسی یان چەکداری و دواجار ئەو ڕێکخراوەش دەکەنە چەتەو تیرۆریست و بەئاسانی ئەوە دەکەنە رووپۆش بۆ کێشەی چارەسەر نەکراوی گەلێك، وەك ئەوەی ئێستا دەکرێت و باز بەسەر کێشەیەکی گەورەدا دەدرێت کەیەکێك لەدەرهاوێشتەکانی کێشەی پارتی کرێکارانی کوردستانەو لەرووەکانی ترەوە دەیان دەرهاوێشتەی تری لەسەر ئاستی ناوخۆی تورکیا و ناوچەکە هەیەو بەکۆتاییهاتن و لەنێوبردنی ڕێکخراوێك ئەو کێشەیە کۆتایی نایەت و دەرەنجامی پێچەوانەش بۆ بەرامبەرەکانی کورد بەدەستەوە دەدات.

تورکیا لانکەی شۆرشە یەکەمەکانی گەلی کورد و ڕاپەرینە مێژووییەکانی ئەم گەلە بووەو ئەنقەرەش لایەنی یەکەمی ناو ئەو هاوکێشە سیاسییانە بووە کەتا ئێستا کاریان لەسەر لەباربردنی شۆرش و ڕاپەرینەکانی کورد کردووە، بەڵام تا ئەم لەحزەیەش هیچ یەکێك لە لایەنەکانی ناو ئەو هاوکێشە دژ بەکوردانە بەتورکیاشەوە نەیانتوانیوە چۆك بەئیرادەی ئازادیخوازانەی کورد دابدەن و ئاسوودەیی بدەن بەدەوڵەتە داگیرکەرەکانی کوردستان.

ئەگەر لەچەند قۆناغێکی مێژوویدا توانرابێت دەنگی کورد کپ بکرێتەوەو بارودۆخە تایبەتەکان گەمارۆی بەشۆرش و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلەکەمان دابێت، خێرا قۆناغی تر هاتووەتە پێشەوەو جارێکی تر دەنگی نارەزایەتی کورد بەرز بووەتەوەو وەڵامنەدانەوەی بووەتە مایەی ئاوەدانی بۆ چیاکانی کوردستان و پێشمەرگە لوتکەو نشێوەکانی کردووەتەوە بەژوانگەی نەریتیی خۆی، چیاش سرووشتی وایە کە هەمیشە ئامێزی گەرمە بۆ بزاڤی شۆرشگێرنەی گەلی کورد و سەنگەرێکی پۆڵاینە لەبەردەم دوژمنانیدا، بۆیە چیانشینەکانی ئەم ناوچەیە کە بریتییە لە پێشمەرگەو هێزی بەرگریکار لە گەلەکەیان بەدرێژایی مێژووی پەیدابوونی ئەم کێشەیە لەئاستی بەرپرسیاریەتی نەتەوەیی و ئەخلاقی خۆیاندا بوون و لەو بارەیەوە مێژوویەکیان تۆمار کردووە.

ئەفسوس بەرژەوەندی زلهێزان و دەوڵەتە داگیرکەرەکانی ناوچەکە تائێستا ئەو تۆمارە مێژووییە ناخوێننەوەو نایانەوێت حەقیقەتی کێشەکە ببینن و هەمیشە کار لەسەر ونکردنی دۆزێکی گەورە دەکەن لەناو دیاردەیەکی بچوکی هاوپەیوەستی خۆی، هێشتنەوەی ئەم کێشەیە بەچارەسەر نەکراوی بووەتە مایەی بارگرژی و تەنگەژە سیاسی و ئەمنییە دژوارەکانی ناوچەکەو هەرجارەو بەشێوەیەك بارودۆخەکەی پی ئاڵۆز دەبێت و شێوازی کاردانەوەکانیش هەر بەو شێوەیەیە کە هەمیشە وڵاتانی پەیوەندیدار بەکێشەکەوە نایانەوێت دان بەبوونی ئەم کێشەیەدا بنێن و دیاردەیەك زەق دەکەنەوە کەزۆرجار بەشێکی بچووکی کێشە بنەرەتییەکەیە.

پارتی کرێکارانی کوردستان حاڵەتێکی مەیدانییە کە لەئاکامی کێشەیەکەوە هاتووەتە بوون، ئەم دیاردەیەش دوای ئەوە بووەتە واقیعێکی تاڵ بۆ تورکیا کەئەم دەوڵەتە خۆی لەوە لاداوە چارەسەری کێشەی زیاتر لە20ملیۆن مرۆڤ لە وڵاتەکەیدا بکات و وەك هاوڵاتی و خاوەن ماف و تایبەتمەندی خۆیان

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

مامەڵەیان لەگەڵدا بکات، کاتێکیش هێزێکی بەرهەڵستکاری وەها هاتووەتە ناو گۆرەپانی کارو دەستی داوەتە خەبات لەپێناوی سەلماندنی بوونی گەلەکەی و دەستەبەرکردنی مافەکانیدا، زۆر ئاساییە لەسەر ئاستە فراوانەکەی شەقامی کوردی هاوسۆزو پشتیوانی بۆ درووست ببێت و بگرە لەزۆر کاتیشدا چاوپۆشی بکرێت لەهەندی کارو مومارەسەی هەڵەشیان. چونکە ئەو چاوداخستن و چاوپۆشییەش دەرەنجامی هەمان چاوداختنی تورکەکانە لەئاست بوونی کورد وەك نەتەوەیەك و چاوپۆشی لەهەر پێشێلکارییەك دەسەڵاتی ئەتاتورکی لەدێر زەمانەوە بەرمبەر بەمافەکانی ئەم گەلە ئەنجامی دەدات.

ئەنقەرە گەورەترین هەڵە دەکات کەئێستا کێشەی وڵاتەکەی لەگەڵ کورددا لەکێشەی بوونی پەکەکە لەسەر سنوورەکانیدا کورت دەکاتەوەو دەیەوێت بەرەیەك لەسەر ئاستی ناوخۆو هەندی وڵاتی تری هاوسیاسەتی پێك بێنێت بۆ لەناوبردنی ئەو رێکخراوەو تێکشکاندنی، ئەو رێکخراوە دەرەنجامی کێشەی چارەسەرنەکراوی کوردە لەو پارچەیەی کوردستانداو تا بوونی ئەو کێشەیە مابێت دەرهاوێشتە سیاسی و مەیدانی و ئەمنییەکانیشی هەر دەمێنێت، خۆ ئەگەر پارتی کرێکارانی کوردستانیش نەمێنێت و بەزەبرێکی کاریگەر بوونیان لەسەر گۆرەپانی جەنگ و ململانێکەدا بسرێتەوە، دەوڵەتی تورکیا تاسەر لەگەڵ ئاسوودەییدا نازی و پاش ماوەیەکی کەم خەونی ئارام و خۆشی لی تێك دەچێتەوە، چونکە ئەم جۆرە سیناریۆ و گۆرانکاریانەمان زۆر دیوەو وڵاتانی داگیرکەری کوردستانیش ئەزموونی زۆریان لەناو ئەم ململانی نابەرامبەرەدا تێپەراندووەو ئاکامێکی یەکلاکەرەوەیان دەست نەکەوتووە.

لەکوردستان و لەهەریەك لەو پارچانەی بە دەوڵەتەکانی دەوروبەرییەوە لکێنراوە، بزووتنەوەی ئازادیخوازانەی گەلی کورد بوونی هەیە کە پێش ئەوەی لە رێکخراوێکدا خۆی ببینێتەوە، بوونێکی جەماوەریی هەیەو گەل لەپشتەوە داینەمۆو جووڵێنەریەتی، دەکرێت رێکخراوێکی سیاسی نوێنەرایەتی ئەو بزووتنەوە نەتەوایەتییەی کورد بکات و بەهەموو هۆکارێك خەبات بۆ هێنانەدی ئامانجەکانی بکات، پاشان دەکرێت ئەو پارت و رێکخراوە سیاسییە لەبەردەم دوژمنانیدا شکستی مەیدانی بهێنێت و لەشەرە نابەرامبەرەکانی وەك ئەوەی تا ئێستا رووی داوە بوونی خۆی لە گۆرەپانەکەدالەدەست بدات، بەڵام ئەمە مانای شکست و چۆکدادانی بزووتنەوەکە ناگەیەنێت و ئەو جەماوەرەی خاوەنی ئەو پرۆژە نەتەوەییەی خۆیەتی و لەسەرەتاوە بەرپای کردووە، جارێکی تر لەتوانایدا دەبێت بەشێوازێکی تر بێتەوە مەیدان و نوێنەرایەتییەکی تر لەسەر گۆرەپانی ململانێکە زیندوو بکاتەوە، ئەم پرۆسەیەش بەردەوامی دەبێت تائەو کاتەی کێشەی کورد بەتەواوی چارەسەر دەکرێت.

تورکیا لەشەری ئەمجارەیدا بۆی دەلوێت زەبرێکی کوشندە لە پارتی کرێکارانی کوردستان بدات، بەڵام بوونی بزووتنەوەی نەتەوایەتی گەلی کورد نەبەستراوەتەوە بە مان و نەمانی پەکەکەوەو ئەنقەرە بە لێدانی هەر رێکخراوێکی کوردی زیاتر کێشەکە لەخۆی ئاڵۆز دەکات، ئەوەی ئەمرۆش دەکرێت درێژکراوەی هەنگاوەکانی رابردوویانەو لەوەدا دەبێت ئەنقەرە خوێندنەوەی بۆ رەوشەکە هەبێت و کار لەسەر بنەبرکردنی کێشەکە بکات نەك دەرهاوێشتەکانی، خۆ ئەگەر دەرەنجامێکیشی بەدەست بکەوێت کاتی دەبێت و لەئاییندەیەکی نزیکدا باجی توندوتیژی و لۆژیکی شەرەنگێزانەی خۆی دەداتەوەو جارێکی تر وڵاتەکەی روبەرووی کەش و هەوای نائارام دەبێتەوە.

بنەبرکردنی کێشەکەش بەدانووستان و داننان بەخودی کێشەکەدا دەبێت، نەك کورتکردنەوەی حاڵەتە بنەرەتییە مێژووییەکە لە بوونی گروپێك یان رێکخراوێکی سیاسی و چەکداردا. ئەوەی تا ئێستا هەستی پی دەکرێت، خۆدزینەوەی دەوڵەتە داگیرکەرەکانی کوردستانە لەبوونی کێشەیەك بەناوی کێشەی کوردەوەو چەواشەکردنی رای گشتی جیهانییە لەبەرامبەر دۆزی ئەم نەتەوەیەدا.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

پێویستە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانیش بەرەسمی دان بەبوونی کێشەی کورد و پێشێلکارییەکانی مافی ئەم گەلەدا بنێت و فشار بخاتە سەر ئەو دەوڵەتانە بۆ کارکردن بەئاراستەی چارەسەری کێشەکەدا، ئەو قودسیەتەی دراوە بەو جوگرافیا سیاسیانەی ئێستا بوونیان هەیەو قەوارەی سەربەخۆیان لەسەر بنیات نراوە، بدرێت بە کەرامەتی ئینسانەکان و مافەکانیان بەپیرۆز تەماشا بکرێت و لەپێناوی پاراستنی ئەو پیرۆزیانەدا شیاوبێت جوگرافیاو قەوارەی سیاسی هەڵبووەشێنرێتەوە.

کورد دەمێکە باجی یەکپارچەیی خاکی ئەم دەوڵەت یان ئەو دەوڵەتی تر دەدات و لەکاتێکیشدا ڕازییە بە پاراستنی ئەو یەکپارچەییە، مامەڵەی هاوڵاتی پلە دوو یان خوارتری لەگەڵدا دەکرێت و ڕێز لەهەڵوێست و لێبووردەیی ئەو ناگیرێت، بۆچی ئێستا لەدەوڵەتێکی وەك تورکیادا کورد ڕازییە کێشەکانی بەئاشتیانە چارەسەر بکرێت، بەڵام ئەنقەرە نایەوێت دان بەخودی کێشەکەدا بنێت و بوونی نەتەوەیەك لەناو قەوارە سیاسییەکەیدا بسەلمێنێت؟، دواتریش بەو شێوەیە مامەڵە لەگەڵ دەرهاوێشتەی کێشەکەدا دەکات وەك ئەوەی کە بەرامبەرە مافخوراوەکەی تاوانبارو تیرۆریست بێت و ئەویش قوربانیدەر.

ماوەتەوە بڵێین کەئەم ڕەوشە نائارامەی ناوچەکە بەبوونی پەکەکە یان نەبوونی درێژەی دەبێت تا ئەو کاتەی ئەنقەرەو هاو سیاسەتەکانی دان بەو کێشەیەدا دەنێن کەپاکەکەو ئەوانی تری هێناوەتە بوون و دواجار دەبێت کار لەسەر چارەسەرکردنی کێشەکە بکەن نەك ڕووبەڕووبوونەوەی دەرهاوێشتە هەنووکەییەکانی.

kameelmahmod@yahoo. com

کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.